STUDENT12.COM

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. ئەگەر جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاك و جێناوی لکاوی بەرکار بۆ کەسی یەکەمی کۆ بدەینە پاڵ ( ئاگادارنەکرد ) دەبێتە :
A) ئاگادارمان نەکردیت. B). ئاگادارمانت نەکرد. C) ئاگادارت نەکردین. D) ( C + B ) ڕاستن.

٢. لە کام ڕستەدا تەواوکەری کاری ناتەواو هاوەڵناوێکی لێکدراوە و پێکهاتووە لە ( ناو + هاوەڵناو )؟
A) ئارام فوتابییەکی زۆر ڕووخۆش بوو. B) کرێکارەکە دەستپاك بوو. C) پێشمەرگەکان دڵسۆزن. D) هەموویان ڕاستن.

٣. لە چاوگی ( ڕێکخستنەوە ) ئەگەر کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار دروستبکەین، دەبێتە :
A) ڕێکدەخاتەوە B) ڕێکدەخرێتەوە C) ڕێکدەخرایەوە D) ڕێکدەخستەوە

٤. لە کام ڕستەدا پیتی بزوێنی ( ە ) ئامرازی دانە پاڵە؟
A) گوڵەباخەکە ئاودەدەم. B) گوڵەسوورەکە ئاودەدەم. C) چ پکەگوڵەکە دەکڕم. D) ( B + A ) ڕاستن.

٥. لە کام ڕستەدا ئەگەر کارەکە بکەینە ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، دەبێتە ( بۆت هێنا. )؟
A) بۆی دەهێنێت. B) بۆم دەهێنیت. C) بۆی دەهێنیت. D) بۆت دەهێنێت.

٦. لە کام ڕستەدا وشەی ( زۆر ) دەبێتە ڕادەی هاوەڵناو؟
A) قەندیل شاخێکی زۆر بەرزە. B) ئێوە زۆر زیرەکن. C) دارشتنێکی زۆر باشی نووسیوە. D) هەموویان ڕاستن.

٧. هاوەڵناوی ( زمانزان ) بە هەمان یاسای کام لەمانە دروستبووە؟
A) ڕاستبێژ B) ئاشتیخواز C) گەشبین D) هیچیان.

٨. دەربارەی شێوازی مەرجی کام لەمانە ڕاستە؟
A) لە شێوازی مەرجیدا کار بە دوو شێواز دەردەکەوێت.
B) ڕێژەی کاری ڕستەی وەڵامی مەرج هەمیشە ( داخوازییە ).
C) لە ڕستەی ( ئەگەر تاقیکردنەوەکان نزیکبوون ، بەوردی بخوێنن. ) کاری مەرج ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە
D) لە ڕستەی کاری مەرجیدا هەمیشە ڕێژەی کار ( ڕاگەیاندنە یان دانانییە ).

٩. لە ڕستەی ( دارشتنەکەی بۆ نووسیبوویت. ) ئەگەر جێناوی ( یت ) بگۆڕین بە جێناوی ( ت ) دەبێتە :
A) دارشتنەکەت بۆی نووسیبوو. B) دارشتنەکەت بۆ نووسیبوو.
C) دارشتنەکەی بۆ نووسیبوویت. D) دارشتنەکەی بۆت نووسیبوو.

١٠. لە کام ڕستەدا گرێی ناوی نیهادە؟
A) دیوانی گۆرا نمان هەبوو. B) دیوانەکە لە پەرتووکخانەکەمان دا هەبوو.
C) مامۆستاکەمان لێهاتوو بوو. D) هەموویان ڕاستن.

١١. لە ڕستەی ( ئێوەمان فێرکرد. ) ئەگەر ( بەرکار ) بگۆڕین بۆ ( جێناوی لکاو ) و کاری ڕستەکە بکەینە ( ڕانەبردوو ) دەبێتە :
A) فێرتان دەکەین B) فێرمان دەکەن. C) فێرتان دەکردین. D) فێرتان دەکەن.

١٢. لە ڕستەی ( ژوورەکەی زۆر جوان دروستکردووە. ) ، ( زۆر جوان ) چییە؟
A) هاوەڵناوی لێکدراوە. B) گرێی هاوەڵکارییە. C) گرێی ناوییە. D) گرێی هاوەڵناوییە.

SN: 00001

١٣. لە ڕستەی ( دەبێت لە تاقیکردنەوەکەدا سەربکەون. ) ڕێژەی کار:

A) داخوازییە. B) ڕانەبردووی دانانییە. C) ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە. D) ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە.

١٤. لە کرمانجیی سەرووادا ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ کاتی داهاتوو دروست دەبێت بە یاسای:

A) د + قەد B) د + ڕەگ + جێناوی لکاو C) دێ+ ڕەگ + جێناوی لکاو D) دە+ ڕەگ + جێناوی لکاو

١٥. لە ڕستەی ( کارەکەی پێ دەسپێرم. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :

A) کارەکەم پێ سپاردووە. B) کارەکەم پێ سپاردیت.

C) کارەکەی پێم سپارد. D) کارەکەم پێ سپارد.

١٦. لە کام لەم ڕستانەدا ( نیشانەی کارو جێناوی لکاوی بکەر ) دەرنەکەوتووە؟

A) بۆ تاقیکردنەوەکە خۆت باش ئامادەکە. B) نەخشەی کوردستان لە ژوورەکە هەڵواسە.

C) ناوی ئامادەبووەکان تۆماربکە. D) زوو ژ خەو ڕابە.

١٧. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاو ( م ) بکەرە؟

A) نەتانم نارد. B) قەڵەمەکەتم برد. C) لێیانم وەرگرتبوو. D) هەموویان ڕاستن.

١٨. لە ڕستەی ( ئۆتۆمبێلەکانی پێشانگاکە دەفرۆشین. ) ( دیارخراو و دیارخەر ) بریتین لە :

A) ناوی تاکی ناسراو و کۆی ناسراو B) ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو

C) ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو D) ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو

١٩. لە کام ڕستەدا دیارخەری ناو جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك؟

A) دیوانەکەی چاپکردیت. B) هاوڕێکەت خەڵاتکرا. C) نامەکەتیان ناردبوو. D) هەموویان ڕاستن.

٢٠. لە ڕستەی ( قوتابییەکە لە ئاهەنگەکە ئامادەبوو . ) کاری ڕستەکە :

A) ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە وناتەواوە . B) ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە و تەواوی تێنە پەڕە.

C) ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە وتەواوی تێنە پەڕە. D) ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە وتەواوی تێپەڕە.

٢١. کام لەم گرێیانە ئەگەر ناوی دیارخراو بکەینە ناسراو ، ئامرازی دانە پاڵ دەرناکەوێت؟

A) گەزۆی نایاب B) دۆی ترش C) دێی کۆن D) شاتووی سوور

٢٢. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاوی بکەر دەرنەکەوتووە، و ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردوو ) جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێت؟

A) کارەکەمان بۆ ڕێکبخەوە . B) کارەکەی بۆ ڕێکبخەنەوە. C) کارەکەی بۆ ڕێکبخەوە. D) کارەکەی بۆ ڕێکدەخاتەوە.

٢٣. هاوەڵکار لە ڕستەی ( گەلی کوردستان دلێرانە ڕا پەڕی. ) چۆن دروستبووە؟

A) هاوەڵکار + پاشگر B) ناو + پاشگر C) هاوەڵناو + پاشگر D) هیچیان.

٢٤. کام لەم چاوگانە ئەگەر کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی نەرێ دروستبکەین، جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای ئامرازی نەرێکردن؟

A) هاتن B) هەڵبژاردن C) گەیشتن D) گەیاندن

٢٥. لەکام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك ( ە ) دەرکەوتووە؟

A) جلەکانت بشۆ. B) نامەکە ببە. C) ببە بە مامۆستا. D) هیچیان.

٢٦. کۆمەڵەچیرۆکی ................ کە لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) بڵاوکرایەوە، لە نووسینی شێرزاد حەسەنە :

A) تەنیایی B) گوڵی ڕەش C) گەڵەگورگ D) تویشووی سەفەرێکی سەخت

٢٧. ( شەونمی بەری بەیان ) وتارێکی ئەدەبییە لە نووسینی :

A) کامەران موکرییە B) ڕەمزی قەزازە. C) مارف بەرزنجییە. D) محەمەدی مەلاکەریمە.

٢٨. دەربارەی ڕەخنەی ڕۆژئاوا کام لەمانە ڕاست نییە؟
A) ئەفلاتون بەرهەمی شیعری بە سود بەخش داناوە بە تایبەتی تراژیدیا.
B) ڕێبازی کلاسیکی لە ئاکامی بوژاندنەوەو لاسایکردنەوەی بەرهەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان سەریهەڵداوە.
C) ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی سەدەی نۆزدە پێدادەگرێت کە دەبێت پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن.
D) بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ یەکێکە لە پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی.

٢٩. کەی شیعری کوردی توانی وەك هۆکارێکی بەهێزی ڕووناکبیری بەشدارێکی کارا بێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لەسەنگەری بەرگریدا هاوکاری پێشمەرگە بێت؟
A) ١٩٣٩-١٩٥٨ B) ١٩٥٨-١٩٧٠ C) ١٩٧٠-١٩٧٥ D) ١٩٧٥-١٩٩١

٣٠. کام لەمانە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی (حسێن عارفە) ؟
A) کامەران و دیارییەکە B) کامەران و هۆنراوەی نوێ C) شیعرو نووسینی کوردی D) کامران شاعر من کوردستان

٣١. کام لەمانە چیرۆکی مامناوەندی نییە ؟
A) چەندم لێ ئەستێنی B) خانزاد C) مەسەلەی ویژدان D) لالۆ کەریم

٣٢. لە چیرۆکەکانی خۆیدا سودی لە (بەیت و لاوك و داستانی کۆن) و (هونەری سینەما) وەرگرتووە:
A) محەمەد فەریق حەسەن B) ڕەئووف بێگەرد C) عەبدوڵا سەراج D) هەمووبان ڕاستن

٣٣. داوا لە ڕەخنەگران دەکات لە کاتی ڕەخنەگرتندا ڕەنج ماندوبوونی شاعیریان لە بەرچاو بێت ئەگەر کەم و کوڕی لە شیعرەکەدا هەبوو:
A) مەلای جزیری B) ئەحمەدی خانی C) حاجی قادری کۆیی D) سالم

٣٤. ئەم نیوە دێرە شیعرە (هەر خوێنی لاوەکان بوو بە گوڵی ئاڵی نەو بەهار) لە ژێر چ ناونیشانێکدایە:
A) نەورۆز B) کوردم ئەمن C) سرودێك بۆ پێشمەرگە D) ڕوبارێکی خوێناوی

٣٥. کام لەمانە لە گرنگترین خاسییەتەکانی وتارە، لە قۆناغی (١٩٥٨- ١٩٧٠)؟
A) وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا. B) ژنی کورد هاندەدرا بۆ خوێندن و خوێندەواری.
C) هەوڵدراوە ڕێنووسێکی ڕاست و دروست پەیڕەوبکرێت. D) خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە.

٣٦. نموونەی بەشداریی ڕاستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بە شانی پێشمەرگە لە شیعری ........ دەردەکەوێت:
A) دیلان B) هەژار موکریانی C) هێمن D) جگەرخوێن

٣٧. کام لەمانە هەوڵیداوە لە وتارەکەیدا چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی بخاتە بەردەست بە پێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێت؟
A) سیا پۆش B) شێخ نوری شێخ ساڵح C) جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی D) ڕەفیق حلمی

٣٨. لە دوای نسکۆی (١٩٧٥) نووسەرانی شار هەوڵیانداوە لە ڕێگەی کام لەم وتارانەوە بیرو بۆچوون و هەست و سۆزی نەتەوایەتیان پیشانبدەن؟
A) مێژوویی B) ڕۆشنبیری گشتی C) کۆمەلایەتی D) هەموویان

٣٩. ئەمین فەیزی لە باسی ..................دا ڕای وایە لە ڕێکخستنی سەروادا داهێنانی کردووە:
A) نالی B) مەولەوی C) شێرکۆ بێکەس D) (A + B) ڕاستن.

٤٠. بۆ مەرگباراانی هەڵەبجە شیعری نووسیوە:
A) جەوهەر کرمانج B) جەمیل ڕەنجبەر C) ئەنوەر قادر محەمەد D) عەبدوڵا پەشێو

٤١. کام لەم گۆڤارانە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك دانابوو بەناوی (چیرۆکی ئەم مانگە)؟
A) هاوار B) گەلاوێژ C) شەفەق D) دەنگی گێتی تازە

٤٢. زمانی شیعر لە قۆناغی ( ١٩٥٨-١٩٦١ ) چۆن بوو؟

A) بەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی. B) شادی و گەشبینی و ئومێدی تێدا دەبینرا. C) ئالۆز بوو. D) خوازەیی بوو.

٤٣. سەرچاوەی بیری فەلسەفی و مەعریفی شیعری کوردی لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) چی بوو؟

A) کلتوری خۆرهەلاّت بوو B) ڕوداو و کارەساتە مێژووییەکان بوو

C) خۆرئاوای هاوچەرخ بوو D) هەموویان ڕاستن

٤٤. دەربارەی چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار کام لەمانە ڕاستە؟

A) چیرۆکەکانی سەرەتا زیاتر شێوەی ڕاپۆرت نووسینیان پێوەدیاربوو. B) چیرۆکنووسان بەتەواوی لایەنگری جوتیاربوون.

C) لە بەشێك لە چیرۆکەکان ئافرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆك. D) بەشێك لە چیرۆکەکان بە زمانی گیانداران نووسراون.

٤٥. کام لەم شیعرانە دەرخەری ئەوەن کە دەقە شیعرییەکانی قۆناغی ( ١٩٣٩-١٩٥٨ ) پاڵپشتی چینی چەوساوەبوون دژی زۆرداران وەستاونەتەوە؟

A) کاروانێ مە B) کوردە ئەمن C) بێشکەی منالّ D) قەلاّچۆی دوژمن

٤٦. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا تەنها یەکێك لە بنەما بنچینەییەکانی لێکچواندن هاتووە ؟

A) ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە | لەناو مێژوودا ناویان زۆر بەرزە

B) تاکەی چون مەجنوون وێلی هەردان بم | تاکەی خەمزەدەی باری هیجران بم

C) کور ئاییْنەیێ جەمالیْ زاتن | کەچ مەظهەریْ پورتەوا صیفاتن

D) نەیلوفەر دل، تو ئافتابی | تەن شبهی کەتان، تو ماهتابی

٤٧. لەم دێڕە شیعرەدا ( نەقابیلی حەملێ داغ و دەردان | نە مایلی سەیری باغ و وەردان ) ڕەگەز دۆزیی ناتەواو هەیە لە :

A) ژمارەی پیت B) ڕیزی پیت C) جۆری پیت D) ڕیز وجۆری پیت

٤٨. لەم دێڕە شیعرە لێکچواندنەدا کام لەمانە دەبێتە بابەتی باسەکە؟

( چ سرێکت لەناو دلّدا حەشاردراوە ،بە پەنهانی | کە چاوت چەشنی ئاوێنە ، وەها بێ پەردە درکانی )

A) چاوت B) ئاوێنە C) چەشنی D) بە پەنهانی

٤٩. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە شیعرەدا هەیە ؟ ( بەهاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام | بەزستان دلّ شکستەی بەردی سەرمام )

A) دژیەکی ئەریْ و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت B) دژیەکی ئەریْ و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیت

C) دژیەکی ئەریْ و نەریْ و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت D) دژیەکی ئەریْ و نەریْ و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت

٥٠. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا ( دژیەکی ئەریْ و دژیەکی نەریْ ) هاتووە؟

A) یارم لە ئەندەروون هات ، دەستی ڕەقیب لەدەستا | غەمناك و شادمانم،ڕەحمەت عەزابی هێنا

B) مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان | چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان

C) سەفەرمان چونکە ڕێی هات و نەهاتە | دوعامان بۆ بکەن ، ئێوەو خوداتان

D) نێرگزێن شەنگ د مەستن چەپ و ڕاست | ساقیان جام د دەستن چەپ و ڕاست

بەرهەمی ... دووەم